www.anfalistan.com

# ساختەکاری و ساغکردنەوە

راستیەکان بۆ مێژوو

**عومەر محەمەد**

**٢٠١٦/٥/١٤ سلێمانی**

**هەتا ئێستا دۆسێی چەند کەسێکم ساغ کردووەتەوە کەوا پروپاگەندەی ئەوەیان کردووە منداڵی ئەنفالن یان خۆیان ئەنفال بوون،یان کەسوکاری ئەنفال بوون بەڵام هیچ کام لەوانەم نەخستووەتە بەردەمی ڕاگەیاندن ئەوەش لەبەر دوو هۆکار بووە:**

**یەکەم : من هەمووکارێک بەباش نازانم کەبچێتە سەرشاشەی تیڤیەکان و روپەری رۆژنامەکان،باشتر دەبوو ئەگەر دەزگایەک هەبووایە بۆ دۆکۆمێنتکردن وپاراستنی ئەم دۆسێیانە .**

**دووەم : سەرباری ئەوەی ئەوکەسانە ناهەقیان کردووە، بەڵام هێشتا بەلامەوە گرنگ بووە، کەوا کەرامەت و ئابرویان پارێزراوبێت . چونکە لەناویاندا هەبووە پەیمانی داوە کە جارێکی تر دەست بۆ وەها ناهەقیەک نەباتەوەو هەشیان بووە کەوا پاساوی هێناوەتەوە کە پێیانکردووە .**

**یەکێکی ترلەو دۆسێیانەی ساغم کردەوە ژنێکی تورکمان بوو، پروپاگەندەی ئەوەی دەکرد کەوا کورەکەی لە نوگرەسەلمان مردووە، خەریکی مامەڵەکردنە لە بەرێوەبەرایەتی گشتی شەهیدان بەمەبەستی وەرگرتنی موجەو ئیمتیازات، کاتێک حاجی جەزا ساڵەیی لە بەشی ئەنفال، دۆسێی ئەو ژنەی رادەست کردم کەوا بەلای ئەوانەوە ئاڵۆزە بەئاسانی توانیم یەکلایی بکەمەوەو بەحاجی جەزام راگەیاند وەک دایکی منداڵێکی ئەنفالکراو مامەڵەکەی لێ وەرمەگرن چونکە ئەو ژنە نە منداڵی ئەنفالکراوەو نەخۆشی چاوی بە زیندانەکانی تۆپزاواو نوگرە سەلمان کەوتووە ئەوەم وتوو بەرپرسیارێتی قسەکەم گرتە ئەستۆو وتم ئەگەر ئەو راستی کرد من موچەکەی لەگیرفانی خۆم بۆ دابین دەکەم . دوای ماوەیەک بە پشتیوانی حزب کەوتەوە مامەڵە، بەڵام باشبوو نارەزایەتی کەسوکاری ئەنفالکراوانی خەڵکی دوزخورماتووی لێکەوتەوەو لەسکاڵایەکدا رونیان کردەوە ئەو ژنە نەک کوری ئەنفال نەکراوە بەڵکو هەرکوردیش نیە. کەچی دوای ماوەیەک هەمان ژن مامەڵەیەکی دەست پێکردبوو،گوایە مێردەکەی شەهیدە ! جانازانم ئەمەیانی بۆچووە سەریان نا .**

## چیرۆکی سامان

**ئەم دۆسێیەی ئێستا دەیخەمە بەردەستتان، یەکێکە لەو ساختەکاریانەی بەناوی ئەنفالکراون ئەو دۆسێیەی لەبەردەستە (ناوی سلام موئەید)کورێکی ترە لەو ساختەکارانە، شەوێک لەلایەن هاورێی بەرێزم عەدالەت عومەر تەلەفۆنم بۆکرا کەهەرچۆنێک بێت سبەی بۆ کاتژمێر ١٠ی بەیانی لەهەولێربم چونکە دۆسێیەکی گرنگ دێتە بەردەستمان بۆ ئەوەی بتوانین هاوکاری بکەین و کارێکی لەسەر بکەین، عەدالەت عومەری هاورێم گوتی: منداڵێکە لەئەنفال رزگاری بووەو لەلایەن ژن و پیاوێکەوە داڵدەدراوەو ئێستا گەورە بووە، سبەی دێت بۆ هەولێرو من دەچم لە فرۆکە خانە وەری دەگرم، تۆش ئەگەر بتوانیت بێیت دیدارێکی لەگەڵدا سازبکەیت بۆ ئەنفالستان کارێکی باش دەبێت .**

دەروبەری کاتژمێر١٠ی سەرلەبەیانی گەیشتمە هەولێرو کاتژمێر ١١ سلام موئیدم بینی، سەلام کەناوی راستەقینەی سامان بوو، کورێکی جوان و بالابەرزی سپیکەلە بوو، ریشی بەردابووەو سمێلی وەک سەلەفیەکان تاشی بوو،قاتێکی رەشی زۆر شیک وجوانی لەبەرکردبوو، لەسەرەتاوە واخۆی پیشاندا کەم دووەو وەلامی پرسیارەکانی بە بەلێ ونەخێر دەدایەوە، بەلام ئەوکاتە تەواو لێی کەوتمە گومانەوە کە گوتی من ماستەرم تەواو کردووەو ئیستا خەریکی نامەی دکتۆرام . هەرئەوەندەی لێمپرسی بۆچی دکتۆراکەت دەربارەی ئەنفال ناکەیت ئەو لەوەلامدا وتی من هیچ زانیاریم دەربارەی ئەنفال نیە،بەلام نامەی ماستەرەکەم لەسەر توندوتیژی مندالانە، کەلەزانکۆی بابل بەدەستم هێناوەو ئێستا بۆ دکتۆراکەم دەمەوێ بچمە ئەردەن، دواتر وتی دایکم لەئەنفالدا کوژراوەو من دەربازبووم . هەرچەندە هەولمدا ئامادە نەبوو دیدارێک بۆئەنفالستان سازبدەین بەپاساوی ئەوەی کاتی نیە،کاتێکی بۆ رۆژنامەی روداو تەرخانکردبوو، سلام یاخود سامان هاتبوو سەرۆکی حکومەت ببینێ بەنیازی ئەوەی هاوکاری دارایی بکرێت و بچێت لە ئوردن نامەی دکتۆراکەی تەواو بکات. بەلام کە هەندێک بەلگەم لێوەرگرت و دواتر سەیرم کردن بەتەواوی کەوتمە گومانەوەو لەسەر بنەمای ئەو بەلگانە کەوتمە سۆراخکردنی هەر زوو بۆم دەرکەوت سلام ناوی راستەقینەی خۆی نیە بەلکو ناوی سامانەو خەلکی گوندی هەنارانی شارباژێر نیەو خەلکی گوندێکی بەرزنجەیە، لەناو بەلگەنامەکاندا نامەیەکی ئەنوەری حاجی عوسمان هەبوو کە ئاراستەی وەزیری شەهیدان چنار سەعد کرابوو، بۆئەوەی هاوکاری بکرێت. لەدرێژەی هەولەکانمدا ئینجا بۆم دەرکەوت کەوا دایکی ئەنفال نەکراوەو ئێستاش لەژیاندامەوەو لەبەغدا دەژی سەرئەنجام باوکی ومامیمیشم دۆزیەوەو بەتەلەفۆن راستی چیرۆکی سامانیان پێگوتم :

( کەوا باوکی سامان لە شاری بەغدا لە هاوسەرەکەی جیابووەتەوە کە ژنێکی کوردی فەیلیە، دواتر لە دایەنگای صالحیە دانراوەو ژن وپیاوێکی بابل- حلە کە هەردوکیان مامۆستای ئامادەیی وناوەندی بوون) تەنانەت مامی سامان بەناوی جەمال ئەوەشی پێگوتم کەوا، سەلام ناوی (سامان)ەو ئامادەنیە ناوەکەشی بکاتەوە بەکوردی هاتووەتەوە بۆلامان داوای کردووە هاوکاری بکەین بۆئەوەی هاوسەرگیری بکات، ئێمەش بری ٢٠٠٠$ مان پێدا کە بۆ ئەوکاتە زۆر بوو، بۆئەوەی هاوسەرگیری پێبکات، بەلام پارەکەشی خواردو هاوسەرگیریشی نەکرد.

دوای بەدەستهێنانی ئەم زانیاریانە هاورێی بەریز عەدالەت عومەرم ئاگادارکردەوە کە ئەو کورە هیچ پەیوەندییەکی بەئەنفالەوە نیە .

جێگەی ئاماژەیە کەوا سامان دانی بەوەشدانا کە چاوی بە هەردوو سەرۆک مام جەلال و نوری مالکی کەوتووەو هەردوکیان زۆر رێزیان لێگرتووەو هاوکاریان کردووە .

من ئەوسا بەرێوەبەری ناوەندی چاک بووم لە کوردستان، دەستەی بەرێوەبەرم لە کوردستان و لە ئەورووپاش ئاگادارکردووە، دواتر بریاردرا لەسەرئەوەی کەوا بەناوی ناوەندی چاکەوە رونکردنەوەیەک بدرێتە هەرسێک سەرۆکایەتیەکی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی کاروباری شەهیدان وئەنفالکراوان، هەندێک لەرێکخراوەکانیش بەو مەرجەی کەس بلاوی نەکاتەوە. واتە تەنها بۆ زانیاری وبەرچاو روونی .

**فەرموون دەقی نوسراوەکەی ناوەندی چاک بخوێنەرەوە کە ئاراستەی هەرسێک سەرۆکایەتیەکە کراوە بەلام هیچیان بەهەندیان نەگرت و وەلامیان نەدایەوە !**

ناوەندی هەڵەبجە
دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدکردنی گەلی کورد - چاك
halabja centere Against Anfalization And Genocide of the kurd

---

**بەڕێز دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان**

**بەڕێز: دیوانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**

**بەڕێز: سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان**

**بەڕێز وەزارەتی کاروباری شەهیدانو ئەنفالکراوان.**

**بابەت : زانیاری**

( سامان ا. س ) کە ناوەکەی گۆڕدراوە بۆ (سەلام موئید شریف) .

ناوبراو لەژمارە (4019)ی پێنج شەممە بەرواری 2006/7/13 ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ وەکو منداڵێکی ونبووی ئەنفال خۆی ناساندووە. بەڵام ڕاستی ونبوونی سامان هیچ پەیوەندییەکی بە ئەنفالەوە نیە. بۆ زانیاری بەڕێزتان .

سامان ا. س) کە ناوی خۆی گۆڕیوە بەسەلام موئید شریف ئێستا پروپاگەندەی ئەوە دەکات کەئەوتەمەنی 3 ساڵان بووە، کەلەگەڵ خانەوادەکەی ئەنفالکراون لەگوندی (هەناران) هەروەها پروپاگەندەی ئەوەش دەکات کە دایکی لە پەلامارەکانی ئەنفالدا کوژراوە، باوکی ڕاستەقینەی لەگەڵ خوشکو براکانی دەربازیان بووەو ئێستا لەوڵاتی ئەڵمانیا دەژین.

**بەدواداچوون:**

پاشئەوەی لەلایەن (عومەر محەمەد) ئەندامی ناوەندەکەمانەوە بەهاوکاری چالاکوانی ئەنفال خاتوو(عەدالەت عومەرصالح) لەشاری هەولێر دیداری لەگەڵ سامان ساز کردووە، خاتوو عەدالەت و ئەندامەکەی ناوەندی چاك بەگومانەوە تەماشای دۆسێکەیان کردووەو وێنەیەکی کۆپی لەوبەڵگانەی بەردەستیان لێوەرگرتووە، بێ ئەوەی هەستی بریندار بکەن،کە گومانی لەدۆسێی ئەم کوڕە هەیە.. سەرئەنجام ناوەندی چاك بەپێی ئەو بەڵگانەی لەبەردەستدا بوون بەتایبەتیش ژمارەی ( شهادەی جنسیەی عێراقیو ژمارەی بەرگ ( رقم المحفظه 1987 /13822 لە 1986/8/30) و ناوی باوکی ڕاستەقینەی، عومەر محەمەد کەوتە سۆراخ کردنیو سەرئەنجام گەیشتە ئەم ڕاستیانەی خوارەوە:

1. ناوی ڕاستەقینەی باوکی ( لێرەدا پارێزراوە) پێش ئەنفال دانیشتووی گوندی (.....) سەربە ناحێی بەرزنجە بوون، ئێستا باوکی دانیشتووی شاری سلێمانیەو دوکاندارە لەمەیدانی دارەسوتاوەکەی شاری سلێمانی.
2. تەمەنی ڕاستەقینەی سامان ساڵی (1986 ) .
3. دایکی ڕاستەقینەی خۆی ماوەو لەشاری بەغداد دەژی. کە کوردێکی فەیلیە.
4. مامێکی بەناوی جەمال (دەڵێت: ئەو کوڕە (سامان یان سەلام ) برازای منەو ڕاستناکات، کەدەڵێت من ئەنفالکراوم بەڵکو دەیەوێت لەدروستکردنی ئەو چیرۆکە سودمەند بێت، چونکە پێشتر

**هاتووەتەوە بۆلامانو زۆر هەوڵمان لەگەڵیداوە بۆ ئەوەی بێتەوە لامان دابنیشێو لەکوردستان بژیو خێزانی بۆپێکەوە بنێین، بەڵام ئەو بەوە قایل نەبووەو تەنانەت قایل نەبووە ناوەکەی لەسەلامەوە بگۆڕێت بۆسەر ناوە کوردیە ڕاستەقینەکەی خۆی (سامان) بەپێچەوانەوە ئێمە بەئەرکی خۆمان هەستاوین، کە داوای هاوکاری کردووە بۆ ئەوەی هاوسەرگیری پێبکات، ئێمەش بە بری ( 2000 $) دوهەزاردۆلاری ئەمریکی هاوکاریمان کردووەو پارەکەی لێوەرگرتووین، گوایە ماڵ پێکەوە دەنێ، بەڵام بەداخەوەهاوسەرگیریشی نەکردووە.**

**5. ئەو خاڵانەی سەرەوە لە( بەڵگەنامەی نێردراودا بۆپشکنین) سەلمێنراوونولەگەڵ ئەم نوسراوەدا هاوپێچ کراون.**

**وێنەیەک بۆ :**

1. **ئەرشیفی ناوەندی چاک**
2. **بنەماڵەی سامان ئیبراهیم عەرەبیەکەی بە( سلام) ناسراوە**
3. **ڕێکخراوەکانی داکۆکی کار لەکەس‌وکا ·انیانی ئەنفال .**

**لەگەڵ رێزدا بۆ زانیاریتان**

**ناوەندی هەڵەبجە**

**دژبەئەنفالکردنو جینۆسایدی گەلی کورد– چاک**

2010/8/20